# بۆ هەتایە جوانترین کوڕ

نووسینی: ولیام پلۆمەر
لەئینگلیزییەوە: ئومێد فایەق قەرەداغی

دەتانەوێت بزانن یەکەمجار چۆن بەفرێدی گەیشتم؟ ئای تەواو چیرۆکێکی دووروودرێژە. نا، ئێمە هەرگیز خەڵکی هەمان شوێن نین. دەبینن ماڵەکەم لەنزیکی گلەو سەستەرە. لەوێ لەگەڵ سەرهەنگو خاتوو ترۆمبول دایکدا خزمەتم دەکرد. خاتوو دایك بۆ هەمیشە جوانترین خانم بوو، بۆ من هەروەك دایك وابوو، هەموو جەژنێکی لەدایکبوونی مەسیح شتی بۆ دەنوسیم، وام نەئەزانی دایکی راستەقینەم نییە چونکە بەدڵنیاییەوە بەردەوام لەگەڵمدا باشەو ناتوانم خوازیاری باشتر بم. بەڵێ، سەرهەنگ بەدەست نەخۆشی رۆماتیزمەوە تاڕادەیەکی سامناك گرفتاربوو، ئەو هەمیشە لەسەری دەڕۆیشتو دەیگوت خانووەکە تەڕە ئەگەرچی وەکو بسکیتیش وشك بوو. بۆیە ئارامی نەئەگرتو دەبوو بەرەو دیڤۆنشار بڕۆشتایە کە بەردەوام باسی دەکرد.

ئێ زۆر باشە خاتوو دایك ویستی من لەگەڵیاندا بچم، بەلاّم من کەیفم نەبوو بەو بیرۆکەیە، چونکە هەرگیز لەچەند میلێك زیاتر لەماڵەوە دوور نەکەوتبوومەوە. ئەوە دایکم بوو کە رازی کردم، پێی گوتم (لەگەڵ ئەواندا ماڵێکی باشت دەستکەوتووە، وا باشترە کە لەگەڵیاندا بچیت).

باشە، زۆرینەی شتەکان بەشەمەندەفەر نێردرانو ئێمەش بەترۆمبێل بەدوایاندا دەڕۆین، بەلاّم بەهەمان شێوەی پێشوو بڕێکی زۆر جانتای لێبوو، هەروەك قەرەج وابووین، لەگەڵ کترییەکو نازانم چیتریش بوو وازمان لێهێنان.

بێگومان پێشتر هەرگیز تا دوری ئاوەها بەترۆمبێل نەڕۆشتبوومو سەرهەنگیش یەکجار تیژ دەی ئاژو ئەوە. لەگەڵ تاسەکانی رێگاکەدا تەواو شێواندمی. خاتوو دایك گوتی (گلبێرت بوەستە، ئەدیت خەریکە نەخۆش بکەوێت). گوتم (خەریك نییە بەڵکو نەخۆشکەوتم. ئای شەرمەندەبوو خۆم). خاتوو دایك وتی (ئەدیت گوێ مەدەرێ). سەرهەنگ وتی (ئێستا هەست دەکەیت کە باشتر دەبیت، ئەدیت هەرگیز دەریاوانی نەکەیت). ئای گەرمن لەدەریادا بوومایە وام بیردەکردەوە کە دەمرم.

بەڵێ ئەوە جوانترین خانوو بوو کە هەیان بوو، یەکسەر لەدەرەوەی پایگنتۆن بوو، ئاسان بوو تا هەموو شتەکانی بەپاکی راگیرێتو چێشتخانەکە سەراپا سپی بوو. بەلاّم هۆی ئەوەی کە نەمدەویست دووربکەومەوە ئەوەبوو کە دەترسام بیری ماڵەوە بکەم. شتێکی گاڵتەئامێزە کاتێك بیری ماڵەوە بکەیت، وا نییە؟ دەبینن من تەنها منداڵێك بوومو هەرگیز لەماڵ دورنەدەکەوتمەوە بەرلەوەی بگریمو هاوار بکەم. خاتوو دایك گوتی (بۆچی ئەدیت، کێشەکە چییە؟ خۆ بیری ماڵەوە ناکەیت. ئایا وایە؟ لەگەڵماندا شادومان نیت؟).

بێگومان کاتێك لەگەڵم ئەدوا ئەوەندە نەرمونیان بوو کە یەکسەر وایلێکردم زۆر زیاتر بگریم، وتی (گەر ئەوەندە دڵ تەنگی رەنگە وا باشتر بێت بۆت کە لەکۆتایی مانگدا بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە).

سەرنج بدەن، سەرهەنگ هەمیشە پەرێشانبوو بۆ خاتوو دایك، ئێوە هەرگیز نازانن دوای چی کەوتبوو. من باوەڕ ناکەم کە هیچ شتێك لەنێوانیاندا نەبووبێت و بۆ ماوەیەکی درێژیش نەبووبێت هەر بۆیە هەمیشە ژووری نوستنی جیایان هەبوو، ئەگەرچی دەتوانم بڵێم سەرهەنگ خوازیار بوو لەوێ بوایە. باشە، پاش نیوەڕۆیەك لەدەوروبەری کاتی چا خواردنەوەدا، بەڵێ، دەبێت لەدەوروبەری کاتی چا خواردنەوەدا بووبێت چونکە من نانم ئامادە دەکرد، سەرهەنگ هەمیشە دەبوو نانە چەورەی گەرمی خۆی بۆ بەرچایی بۆ ئامادەبکرایە. من لەچێشتخانەکە نانە چەورەم دەبرژاندو سەرهەنگ خۆی کرد بەژوردا. بێگومان، من تێبینیم نەکرد هەتا هاتە سەرەوەو باوەشی پیاکردم. داوام لێکرد بڕوات و واز لەم یارییانەی بهێنێت، بەلاَم وازی نەهێنا. بۆیە بەچنگاڵی برژاندنەکە لەدەستەکانیم دا هەتا وای لێبکەم رێگای رۆشتنم بدات. خوێنهێنەرەکانی دەستی یەکجار گەورەبوون و رێك دەرپەڕین. وتی: (ژنی شەڕانی بچوك! کەلەشەقی بچوك!) وتم (بەڵێ، هیچ بانگێشت نەکراوی تا دەستەکانت لەمن بئاڵێنیت، دەبێ خاتوو دایك چی بڵێت؟) کاتێکیش وازی لەو رەفتارە پیسانەی نەهێنا پێم وت (واز بێنە، وازدێنیت!) دووبارە بەچنگاڵی برژاندنەکە لەگرێی پەنجەکانیمدا. گوتی (بەنەفرەت بی، بەنەفرەت بی)و پاشان رایکردە دەرەوە. هەر لەو کاتەدا کە چایم ئامادە دەکرد تا بیبەم بۆ ژووری میوان خاتوو دایك خۆی کرد بەژووردا. وتی (ئای ئەدیت تەنها چاییەکەی سەرهەنگ دەبەم بۆ سەرەوە بۆی، چون زۆر حاڵی خراپە، دەستەکانی ئازاریان هەیەو شتێکی سامناکە، لەژوورەکەی خۆی دەحەوێتەوە. دەستەکانی کردووە بەمەکینەی گیا بڕینداو هەمووی ئاوساون).

بێگومان من هیچم نەوت، بەلاَم دەبوو ئەو حاڵەتان ببینیایە کە دەستەکانی ئەوی تێدا بوو، بێگومان من نەمدەویست بەو شێوە ئازاری بدەم بەلاَم ئەوە ناپاکی خۆی بوو، وا نەبوو؟.

پەرۆشیم بۆ ماڵەوە هیچ باشتر نەبوو، وا دەردەکەوتم کە بەردەوام بیردەکەمەوە بۆیە خاتوو دایك گوتی وا باشە کە لەکۆتایی مانگدا بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. زۆر باشە، تەنها دوو رۆژ بەر لەکۆتایی مانگ پەنجەرەکان پاکدەکەمەوە. بەیانیەکی خۆشبوو، کاتێك پەنجەرەی ژووری میوانانی ناوەختم پاکدەکردەوە نەمدەتوانی خۆم دوربگرم لەسەرنجدانی ئەوەی کە کوڕێکی لێبوو لەماڵەکەی تەنیشت باخچەکەدا سەربانی زنجێکی بۆیە دەکرد، کاتێك من لێی ورد دەبوومەوە ئەویش سەری هەڵبڕیو منی بینیو پێکەنیو دەستێکی بۆ راوەشاندم. پێم وابوو کە ئەو بۆ هەتایە جوانترین کوڕە. بێگومان فرێدی بوو، ئەگەرچی لەوساتەدا من نەمدەناسی. یەکجار دڵخۆشبووم. حەزم نەکرد زۆر بچمە پێشەوە بەلاَم دەستم بۆ راوەشاندەوە. لەدوایدا بەپلیکانەکاندا رامکردە خوارەوە بۆ لای خاتوو دایك و داوام لێکرد گەر بتوانم لەبری ئەوەی لەکۆتایی مانگدا بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ ئەو بمێنمەوە. گوتی (بۆچی، ئەدیت، بەدڵنیاییەوە ئێمە دەبێت زۆر خۆشحاڵ بین، بەلاَم چی شتێ وای لێکردیت وەها لەپڕ خەیاڵت بگۆڕیت؟). زۆر باشە، دەمزانی کە دەمتوانی هەموو شتێکی پێ بڵێم، لەبەرئەوە گوتم (هەر ئێستا کوڕێکی یەکجار جوانم بینیوە کە سەربانی زنجەکەی ماڵەکەی تەنیشتی بۆیە دەکرد لەکاتێکدا پەنجەرەی ژووری میوانانی ناوەختم پاکدەکردەوە، دەستی بۆ راوەشاندم). لەم کاتەدا خاتوو دایك لەگەڵمدا بەپلیکانەکاندا رایکردە سەرەوەو چاوی گێڕا، کاتێك فرێدی ئەم دوانەمانی بینی نەیزانی بیر لەچی بکاتەوە. خاتوو دایکیش گوتی (بەڵێ، ئەدیت تۆ تەواو راست دەکەیت، کوڕێکی جوانە). هەر لەبەرئەوە لەکۆتایی مانگدا دورنەکەوتمەوەو تەنها چاوەڕوانم کرد، بەو هیوایەی جارێکی دی بیبینمەوە. هەموو شتێکم لەمەڕ پەرۆشی بۆ ماڵەوە لەیاد چووبوو.

دوای ئەوە نامەیەك هات بۆ خانوەکەمان و ناونیشانی خاتوو ئەدیتی لەسەربوو. رێك وەك ئەوە (خاتوو ئەدیت). بێگومان لای فریدییەوە هاتبوو، داوای لێدەکردم گەر لەسەر گۆشەکە ئێوارە بیبینم دەتوانین بچین

بۆ سینەما. ئای، وروژانم. رامکردو نیشانی خاتوو دایکم داو گوتی (بێگومان، ئەدیت پێویستە بچیت، بەڵام خوازیارم لەبارەی ئەوەوە هەندێ شت بزانیت. لێرە کەسی لێ نییە تا بتوانین پرسیاری لێ بکەین؟). ئێ باشە، جاری داهاتوو کوڕی قەسابەکە نزیك کەوتەوەو پێم گوت (لەبارەی کەسێکەوە لەم ناوەدا کە ناوی فرێدی کارتەرە هیچ دەزانیت؟)، ئەویش وتی (فرید کارتەر؟ نا، ناتوانم بڵێم ئەیناسم. ئەو چی کارێك ئەکات؟). وتم (پێم وایە کارێکە لەبابەتی خانووسازی). وتی (تاکە فریدێك کە بەبیرم بکەوێتەوەو کاری خانووسازی بکات فرید باینە، کە ئەو خانووەی ئەودیوو بۆیە ئەکات). وتم (چی جۆرە کەسێکە؟). وتی (ئای، زۆر باشە، بەڵام تۆ دەتەوێت لەبارەی ئەوەوە چی بزانیت؟ ئایا لەدوای تۆ لەم دەوروبەرەیە؟) وتم (ئەوەندە دەنگە دەنگ مەکە). بەڵام ئەوەی کە من نەمتوانی لێی تێبگەم ئەوەبوو گەر ناوی باینە بۆچی بەخۆی گوتووە کارتەر، بەڵام لەدوایدا دەرکەوت کە ناوی باوە پیارەکەی باین بوو لەبەر ئەوە هەموو کەسێك پێیان وتووە کوڕەکەی باین ئەگەرچی لەڕاستیشدا ناوی کارتەرە.

هەرچۆنێك بێت چووم بۆ بینینی، خاتوو دایك گوتی (ئەدیت وریابە، رێگەی نەدەیت سەربەستی خۆی وەرگرێت هەتا لێی دڵنیا دەبیت) ئای، دەزانن، ئەو دواکەوت. ئای ئەوەندە پەرێشان بووم دەکرا بگریامایە، وام بیردەکردەوە کە تەنها گاڵتەم پێ ئەکات، ئای شێوابووم، پێم وابوو سەرەڕای هەموو ئەمانە باشتر وایە بگەڕێمەوەماڵەوە. بەڵام یەکسەر ئەو دەرکەوت و سەراپا زەردەخەنەبوو و پاشان رۆیشتین بۆ سینەماو کاتێکی خۆشمان بەڕێکرد. بێگومان دوای ئەوەش هەموو شتێك باش بوو، بەڵام خاتوو دایك گوتی پێویستە فرێدی بێتەوە بۆ ماڵەوە هەتا بۆ خۆشی بتوانێت بیبینێت. بێگومان هەموو کەسێك فرێدی خۆشەویست، ئێوە دەزانن ئەوە چۆنە، خەڵك وایان نیشاندەدا خۆشەویستییان بۆ فرێدی هەیە، ئەویش پاش ئەمانە بەردەوام دەهاتە ئەو دەوروبەرەو هەموو شەوێك دەهات بۆ ئەو نزیکانە، خاتوو دایکیش یەکجار بەبەزەیی بوو، هەروەها سەرهەنگیش فرێدی زۆر خۆشەویست.

پاشان ئێوارەیەکیان، درەنگانێك بوو خاتوو دایك بەڕاکردن هاتە خوارەوە بۆ چێشتخانەکەو بەپەشۆکاوی باسی تاوانێکی چاوەڕوان نەکراوی ئەکرد (ئەدیت! ئەدیت! فرێدی!! فرێدی!! خێرا وەرن لەژوورەکەمدا پیاوێکی لێیە!).

ئێ باشە بێگومان رامان کردە سەرەوە بەپلیکانەکانداو فرێدی ئاگر خۆشکەرە ئاسنەکەی هێنا، کاتێکیش چوینە سەرەوە بۆ ژوورەکەی جگە لەسەرهەنگ هیچ کەسێکی لێ نەبوو. ئایا دەزانن سەرهەنگ لەپەنجەرەکەوە چووەتە ژورەوە، بەو خەیاڵەی خاتوو دایك سەرسام بکات، چونکە هەرگیز رێگەی نەئەدا سەرهەنگ بەڕێگایەکی ئاسایی پێ بخاتە ژوورەکەیەوە،. کاتێکیش سەرهەنگ ئێمەی بینی وتی (ئەمە هەمووی بۆچی؟). خاتوو دایك گوتی (بۆچی، گلبێرت، ئەوە تەنها تۆی! مەبەستت چییە لەخولقاندنی هەموو ئەم جۆرە ترساندنەو خۆخشاندنە ژوورەکەم بەو شێوە بەپەنجەرەکەدا. بۆچی وامزانی پیاوێکی دی بوو!). لەم کاتەدا من و فرێدی نەمانتوانی پێنەکەنین. خێرا دوای ئەوە من ئەوانم بەجێهێشت بۆ ئەوەی شوەکەم بکەم و داوای لێبوردنم کرد لەجێهێشتنیان بەو شێوەیە. کاتێکیش کە رۆشتم خاتوو دایك گریا، ژنێکی یەکجار باشبوو. بەسەزمان، ناتوانم بیر لەهەندێ شتی نەکەمەوە لەگەڵ شتەکانی سەرهەنگەکەشیدا.

کۆتایی.

**سەرچاوە:**

Classic English Short Stories.
Ever Such a Nice boy
By/ William plomer.